هەواڵێک لە سنەوە

بە پێی هەواڵێک لە شاری سنەوە، دادگای ئینقلابی ئیسلامی لەو شارە،2 رۆژنامە نووس بە ناوەکانی ئیجلالی قەوامی و سەعید ساعدی ئاگادار کردۆتەوە کە تا سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە 7 گوڵانی 1384(27/ئاوریلی/2005) بۆ لێکۆڵینەوەی " بێحورمەتی بە بناغەدانەری کۆماری ئیسلامی" و "تێکدانی مێشکی خوێندکاران" ناو براوە، خۆ بەو دادگایە بناسێنن.

سەر چاوەیەکی ئاگادار لە سنەوە لەو پێوەندییەدا پێی راگەیاندین کە، ئەو 2 رۆژنامەنووسە، لە کۆبوونەوەکی ئەم دواییانەی بە ناو "ریفۆرمخوازانی کورد" دا لە زانکۆی کوردستان، بیر و بۆچونی خۆیان سەربەستانە دەربڕیوە و ریفۆرمخوازی دەوڵەتیان بە پڕۆژەیەکی فریوکارانە داناو داوایان لە خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان کردوە، فریوی پڕوپاگەندەی بەناو"ریفۆرمخوازان" نەخۆن و بەشداری لە شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارییدا نەکەن.

2705/2/5
2005/4/25

Ruk2691@yahoo.com
www.ruk2691.com